# ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ستافۆردشێ

ئەنجومەنی شارەوانی ستافۆردشێ هاوکاری هاوپشکان و کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەمان دەکات بۆ کۆنترۆڵکردن بەسەر بڵاوبوونەوەی پەتا و کەمکردنەوەی مەترسی کۆڤید-19 لە وڵاتدا.

ئێمە هەموومان پێویستە لەسەرمان هاوکاری یەکتر بکەین بۆ کۆنترۆڵکردن بەسەر ڤایرۆسەکەدا، پاراستنی خەڵکەکەمان و ئێن ئێچ ئێس NHS.

## خۆت و کەسانی دیکەش بپارێزە



هەرچەندە دەتوانیت لە ماڵەوە بمێنەرەوە، تەنها بۆ کارکردن یان مەبەستی زۆر پێویست بڕۆرە دەرەوە (بۆ نمونە کڕینی خۆراک، سەرپەرشتیکردنی کەسانی دیکە)



هەر کات لە دەرەوەی ماڵی خۆت بیت  خۆت 2 مەتر لە خەڵکی دیکە دوور بگرە



دەستەکانت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بۆ ماوەی لانی کەم 20 چرکە (سانیە) بشۆ یان دەرمانی پاکژکەری دەست بەکار بهێنە.



هەموو کاتێک دەمامک بکە کاتێک کە لەناو هۆکاری گواستنەوەی گشتیدایت یان لە هەر شوێنێکی گشتی داخراودا، بە شوێنی کاریشەوە

زانیاری زیاتر دەکرێت لەسەر ئەم ماڵپەڕە ببینرێتەوە:
staffordshire.gov.uk/coronavirus

# پشکنین و شوێنپێی هەڵگرتن

ئەگەر دەرکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنات تێدا بوو یان بەرکەوتنی نزیکت هەبووە لەگەڵ کەسێک کە دەرکەوتەکانی تێدا بووە، تکایە بەزووترین کات کە بتوانیت پشکنین ئەنجام بدە.

## دەرکەوتەکانی کۆڤید- 19



تای بەرز



کۆکەیەکی نوێی بەردەوام



لەدەستدانی بۆن



لەدەستدانی تام

**پشکنینەکەت تۆمار بکە**

لەسەر ئینتەرنێت لە: nhs.uk/ask-for-a-coronavirus-test

یان تەلەفون بکە بۆ 119

ئەگەر پشکنینەکەت ئەرێی بێت بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا، پێویستە لەسەرت بۆ ماوەی لانی کەم 10 ڕۆژ لە ماڵەوە بمێنیتەوە و ئەوانەش کە لەگەڵ تۆ دەژین دەبێت بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێننەوە.